# بەهەڵە ئایندەی لاوانمان بەرەو کوێ دەبەن ..؟

هەورامان علی تۆفیق

لاوی کورد مافێکی ڕەوای خۆیەتی بەوشێوەی کە خۆیی بەڕاست و دروستی دەزانی بەدوای بوونی خۆیدا بگەڕێ ئەو مافە سروشتیانەی کە تێکڕایی مرۆڤەکان لەدەستەبەرکردنی شێوە ژیانی خۆیان بەبێ کۆسپ و تەگەرەیەک , دۆزینەوەی ئەو کەسایەتیە لەنێو کۆمەڵگایەکی وەک گۆمەڵگای کوردەواری دا بەجۆرێک کە سەلماندن و بەدیاربوونی لە بەرجەستەکردنی بەنەمایەک کە بتوانێت لەو ڕێگایەوە قۆناغە سەرتاییەکانی بۆ یەکەم پلەی ژیانی مرۆڤایەتی خۆیی تێدا دروست بکات , ئەمە هەنگاوێکە زۆر لەو وولاتانەی لەسەر بنەمایی سەردەمیانەو پێشکەوتن و ڕۆشنبیریەت و زانستیەوە لە گرنگی ئەم مەسەلەیە دەڕوانن , لاوانیان ئازادن و تەواوی سەربەستیان هەیە لەگەڵ ئەوەی دەزگا بەرپرسەکان و لایەنە پەروەردەییەکان و تەنانەت ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین ئەو زەمینە لەبارەی بۆ دروست کردوون کە نەوەیەک دروست بکرێت ئەگەر هەموولاوانیش نەگرێتەوە بەڵام دەتوانرێ زۆربەیان لەم چوارچێوەیەدا کۆبکرێنەوە تا دوارۆژێک بۆ خۆیان و ئایندەیەک بۆ بەوەکانی دوائەوانیش دروست بکرێت , ئەم شێوە پەیرەوکردنانەش پێویستە لە سادەترین و بچوکترین هۆکارو گرفتەوە سەیربکرێت تا دەچینە گرنگ ترینیان . ئەمەش بەدەرنیە لەباری کۆمەڵایەتی چونکە ئەم بەشەی ژیان گرنگەو یەکێکە لەو کۆڵەکانەی کە بنەماکانی ژیانی لەسەر ڕادەوەستێ و گەورەترین کۆسپیش لەکۆمەڵگای کوردەواریدا بۆ لاوان باری کۆمەڵایەتی و پاشانیش ئەو بارودۆخە داسەپێنراوانەیە کە داگیرکەران و نۆکەرانیان بەسەر لاواندا دەیسەپێنن .

بەڵام لەسەرەتایی ئاشنا بوونی مرۆڤی کورد بەڕاستیەکانی ژیان و بنیادنانی کەسایەتی خۆیی وەک مرۆڤێک , گەلێک کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری بۆ پێش هاتوون و بوونەتە کۆسپێکی گەورەو گران لەڕێی دروست بوون گەشەسەندنی بنەما تایبەتمەندیەکانی خۆیی لەڕوی فکری و دەرونیەوە و دواتر وەک کاریگەرییەک بۆ سەر دەوروبەریشی ڕەنگدانەوەی هەبووە .

لاوی کورد بەدرێژایی ئەو چەند سەدانەی پێشوو بوونەتە قوربانی زۆر لەو پێشهاتە مێژووویانەی کە وایان کردووە لاویەتی و خۆشەویستی ژیان و خۆشگوزەرانی و بەردەستەبوونی پێداویستیەکانی ژیان و سودوەرگرتن لەو گۆڕانکاریانەی کە کۆمەڵگاکانی دی پێی گەیشتوون و ئەو لاوە بەدبەختەی کوردیش لێیان بەدووربووە . قۆناغ لەدوای قۆناغ پاشماوەی کلکایەتی و کێشەو گیروگرفت ڕەگیان داکوتاوە , تا بەئەمرۆ گەیشتووە بەدەستیانەوە دەناڵێنین . لەوانە زۆر کێشە هەن کەکاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بۆسەرچۆنیەتی گەشەسەندنی بنەمایی فکری ئەو لاوە و چۆنیەتی دەست نیشان کردنی ڕێگا و بۆچونی ژیانیان .

لێرەدا بەرجەستەبوونی ئایندەیەکی لەڕادەبەدەر تاریک و بێ ئاکام بەدیاردەکەوێت و نامۆبوون و بێ بڕوایی لەو شێوە ژیانە کە پڕە لەگرفت و کەم و کوڕی و کۆسپ و نەبوونی ڕێگای چارسەرکردنی و نەبوونی هەوڵ و کۆشش تابەو ئاکامانەبگات کە ویستی خۆیەتی بەبێ ئەوەی کەسێکی دی دەستی تێوەربدات بگات . واتە دروست بوونی زەمینەیەک کە ئەولاوە بتوانێ بەرنامەو کاری لاویەتی خۆیی و ئازادی و نەبەستنەوەیی لەو کۆت زنجیرە کۆنانەی کە تائێستاش کۆمەڵگای کوردەواری بەدەستیانەوە دەناڵێ .

دورخستەوەی لاوان لەمەودای ڕاست و دروست و ئاسایی خۆیی , ئەو ڕێگا و ڕیتمەی کە دەبێ لەزانست و زانیاری و دلسۆزی و کارو و خۆشەوویستی و ڕوانینە ئایندە بەوهیوایەیی کە وولات و نەتەوە بەرەو ئاکامە ڕاستەقینیەکانی بەرێت . بەڵام ئەمەش بەتەنها لاو ناتوانێت بەئەنجامیان بگەیەنێت ئەگەر دەسەلات و کۆمەڵگا هاوکاری نەبێت . ئەگەر یاساو پلانەکانی ئەو زەمینەیە نەڕەخسێنن مەحاڵە ئەوەی لاوی کورد خەوی پێوە دەبنێت بەدەستی بێنێت .

ئەوەی ئەمرۆ بەدی دەکرێت ئەوەیە لاوی کورد لەو گێژاوەدا نامۆیە و نازانێ بەرەو کوێ هەنگاوبنێ , ئەوانیش لەچەند بەشێک خۆیان دەبینەوە .. ئەولاوانەی کە خۆیان داوە بەدەم قودرەتی قادرەوە و شانیان بۆ هەموو بارەکان شل کردووەو بەبەشی خۆیان ڕازین و سەرەڕای هەموو کەم و کوڕیەکان بێدەنگ ئەوەی پێیان بڕاوە شوکرانەی دەکەن و خۆیان یەکلای کردۆتەوە و دەژین , ئەوانەی کە هەمیشە پەلەقاژەی بەرەو باشتربوون و گۆڕان و بەرەنگاربوونەوەی خستی ئەم ژیانەوە , پێچەوانەیی ئەو یاسایانە بوونەتە کۆسپ لە بەردەم خواست و هیواو ئامانجەکانی ئەو لاوانە , ئەمەش وای کردووە کە هەمیشە کارو ماندوبوون و هەوڵ دان بۆ گەیشتن بەدوا

ئاکام . ئەولاوانەی کە بێزاربوون و گەشتوونەتە ئەو ڕادەیی کە سوودی نیە و کۆتایی ئەو ئاکامەیان لێرەدایە و چۆک بۆ قەدەری شسکت خواردویان دادەن و دەبنە نێچیری هێرشە لادەریەکان و گۆشەی نامۆبوون و بێزاری و گۆشەگیری و گرفتی دەروونی , ئەو لاوانەی کە ڕێگای هەندەران و ئاوارەبوون و ڕێگا ژیانی نادیاریان هەڵبژارد و ئەوانیش لەو قەدەرەدا بوونە چەندین بەشی جیاواز و چەندین داستان و گرفتی جۆراو جۆر کە تەنها ئەم بەشەی ژیانی لاوان بابەتێکی چڕوپڕی لاپەڕەکان دەبێت .

مەبەست لە بەهەڵە بردنی ئایندەی لاوان لەچەند ڕوانگەیەکەوە لەوانە ئەولاوانەی ئەمڕۆ پێش بینی ئەوەیان لێدەکرێ لەو شەڕە تایفەگەریەیی عەرەبی دا ببنە قوربانی و بۆ ئاشتبوونەوەی دوژمنانی کورد لاوی کورد بەکوشت بدرێ بۆ دەست خۆشی و سوپاسی دۆستان و ڕاگیرکردنی بەرژەوەندیەکانیان لاوانی خۆمان بکەینە قوربانی و دواتریش کوشتنیان بەهەڵە و دواتر بەتەنها داوایی لێبووردنێت لێیان خۆشبین و ئەو کارەساتانە لەبیرکەین , ئەمە ستەمە و دەهەق بەلاوان دەکرێ کەدەبێ لاوی کورد دوور لەبۆنی فیشەک باروت و شەڕو گرمەی تۆپ بژی .. بێگومان تائەو کاتەی گرفتی نەتەوەیمان مابێ و تائەوکاتەی خواستە نەتەوییەکانمان بەدەست نەیێن ئێمە لەفیشەک و باروت و کلاشینکۆف دانابڕێن .

ئەوەندەی گوێ لەلاوەکانمان بگرین لەگلەیی و بێزاری و ناخۆشی ژیانیان و نەبوونی چارەسەر بۆ گرفتەکانیان گوێمان لەقسەی خۆش و سوپاس و پێزانین نیە , کەواتە کەسێک نیە بپرسێت ئەمە بۆ .. ؟ ئەی ئەوانەی لەم کارانەدا بەرپرسن چی دەکەن و چیان کردووە ..؟ ئەگەر بڵێن نەکراوە شت کراوە بەڵام کەمن یەکەم بۆ خواستی لاوان و بۆ ئەو ماوە دوورو درێژەی کە زیاتر لە شانزەساڵە هەرێمی کوردستان ئازادە ئەوەندەی کارەکان بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی ژیان ڕۆشتوون نیووهێندەی ئەوەی ڕاستی خۆیان لەئامانج نەپێکاوە و ئەمڕۆش کات درەنگەو ئەوەندی ێستا کراوە بەدەئەوەندەش خۆمان خێراتربکەین بەوپەڕی بڕواوە پێڕاناگەین .

گرفتی لاوان ڕۆژانە لەزیاد بووندایە و بەزمانی خۆشیان هاواردەکەن و هەست بەوەدەکەن کە کێشەکانمان چارەسەریان ناکرێت ئەو چارەسەرانەی کە ئەمڕۆهەن چارەسەری کاتین و نەخۆشیەکان تیمارناکەن ڕەنگە بۆ ماوەیەک بەڵام دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە , ئەگەر بنەمایەکی بنەڕەتی درێژخایەن نەبێت ئەوە خۆمان هیلاک دەکەین لەبەر ئەوەی ئاکام دەگەڕێنەوە سەر خاڵی دەست پێکردن . گرنگە پێش هەموو شتێک پسپۆڕانی دەروونی لەڕووی دەرونیە ئەم گرفتانە تاوتوێ بکەن و چەندین کۆمەڵگای لێتوێژینەوە دروست بکرێن و ئەم گرفت و کێشانە شیبکەنەوە و هۆکارو دەرەنجامەکانی بەدیاربخەن و دواتر بیر لەچارەسەری بنەڕەتی بکەرێتەوە , دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی جدیانە ئەو ڕاسپاردەوە پلان و کارە بۆ ئامادەکراوانەی لەم بارەوە ئامادەدەکرێن جێ بەجێ بکرێن , چونکە تەنها وەزارەتێک یان دەزگایەکی حکومی یان ئەو رشێکخراوە جەماوەریانەی کە تەنها ناتوانن خواستەکانی خۆیان بەدەست بێنن چۆن دەتوانن بۆ سەرجەمی لاوانی بەدەست بێنن , ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیەی لاوان کە لەدێرزەمەوە بەدەستیەوە دەناڵێ ئەمڕۆ بەو ئاسانیە شوێنەواری نەهێڵرێ یان گرفتە درەوونیەکانی یا خواستەکانی و ژیان و پێداویستیەکانی دابین بکرێن ,, بۆیە گرنگە وورپایی ئەوەبین کە بەهەڵە ئایندەیی لاوان بەرەو هەڵدێرو نامۆبوون نەبەین .